قوباد تاڵەبانی: قوربانییەکانی هێرشی تورکیا ڕۆژنامەڤان بوون نەک ئەندامی هێزی چەکدار

جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، قوباد تاڵەبانی لەبارەی هێرشەکەی سەر سەیدسادقەوە و کەوتنی قوربانی دەڵێت، ئەوان دوو ڕۆژنامەڤانی ژن بوون نەوەک ئەندامی هێزی چەکدار، تاوەکو مەترسی بن بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری هیچ وڵات و ناوچەیەک.

شایەنی باسە، نیوەڕۆی ئەمڕۆ هەینی 23ـی ئابی 2024، لە هێرشێکی درۆنی سوپای تورکیا بۆ سەر ئۆتۆمبێلێکی ڕۆژنامەوانی مەدەنی لە سەیدسادق لە سنووری پارێزگای سلێمانی دوو لە سەرنشینەکان ڕۆژنامەنووسی ئافرەت بوون گیانیان لەدەستداوە و کەسی سێیەم بریندارە و برینەکەشی سەختە، هەروەها بەگوێرەی زانیارییەکان بریندارەکە خەڵکی چەمچەماڵەو ناوی ڕەبین بەکرە و پیشەی ڕۆژنامەنووسە.